

## تازەترین ستایلەکانی جلوبەرگی کوردی

مۆدەکانی جلوبەرگ هەر یەکە بەپێی تازەگەری و نوێکاری دەردەکەوێ، ئەمەش وەك رێگەیەك لە رێگەکاندا دەکرێ سوودیان لێوە وەربگرین بۆ ئەوەی مۆدەیەکی تازە و جوان لە شێوازە تازەکانی جلوبەرگدا دەربچن، یەکێك لە جلوبەرگە جوانەکان لە مۆدەکانی جلوبەرگی کوردی، بریتییە لە کراسی کوردی، وەك مۆدەیەکی ناسك و رازاوەیە، رۆژانە تازەگەری لە شێوازەکانیان دەبێ. ئەوەی دەیبینن یەکێکە لە مۆدە جوانەکان، کە لە شاری هەولێر کاری ستایل و دیزاینی بۆ دادەنرێ و دەبێتە یەکێك لە مۆدە جوانەکانی جلوبەرگی کوردی، شێوازی ئەم جلە یەکێکە لە ناسکترین مۆدەکانی بواری جلوبەرگی کوردی، کە بۆ گشت بۆنە و یادەکان دەکرێ بپۆشرێ، دەتوانن خانمان لەم جۆرە مۆدەیەیان لە کوردستان دەست بکەوێ.

## جوانی رەنگی سوور لە دیکۆرەکاندا







رەنگەکان پابەند دەکرێن کاتێك بۆ هەر دیکۆرێکی تایبەت دادەنرێن، ئەمەش وادەکات دەبێ دیکۆرەکان بەپێی شێوازێکی جوان و تایبەت بێ، تەنانەت وادەکات هەر یەکە لەو مۆدانە شێوازێکی جوان و رازاوە لە ماڵدا وەربگرێ، کاتێك دیکۆرەکان ئامادە دەکرێن، دەبێ بیرۆکەیەکی جوانی بۆ دابنرێ و لەگەڵ شێوازێکی تایبەت و جوانی خۆی رازاوە بێ. یەکێك لە رەنگە کراوەکان بریتییە لە رەنگی سوور، کە وەك رەنگێکی سەرنجڕاکێش و جوان کاریگەری لەسەر جوانی دیکۆری ماڵدا دەبێ، کاتێك دەڵێن دیکۆرەکانی ماڵ، دەبێ سەرەتا ئاماژە بە کەرستە و کەلوپەلەکان بدەین، بەمەش دەکرێ سوودیان لێوە وەربگرین بۆ ئەوەی شێوازێکی تایبەت و جوان لە خۆیان بگرن، بۆ نموونە دەکرێ لە ژووری دانیشتن کەلوپەلەکان لە رەنگی سوور بن، هەروەها بۆ هەندێك لە کەرستەکانی دیکەش.

## ستایلی کلاسیک

تەسریحەکان هەر یەکە بەپێی شێوازێکی تازە و مۆدێرن شێوازێکی تایبەت و جوان لە خۆ دەگرن، تەنانەت دەکرێ لە رێگەی مۆدە جوانەکان چەندین شێوازی تازە و جوان دەربکەون، بەمەش دەبێ شێوازەکان بە کارێکی تایبەت و رازاوە لە مۆدە تازەکان جیا بکرێنەوە، وەك ئەوەی جیاوازییەك دروست بکات لە نێوان مۆدەکانی تەسریحە و شێوازەکانی قژ. یەکێك لە مۆدە رازاوەکانی ستایلە تازەکان، بریتییە لە مۆدەی کلاسیك.





# ــــۆدەیەکی شایستەیە

ئەو مۆدەیەی لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکان دادەنـــران، ئەمـــەش وەك مۆدەیەکی جوان و ســـەرنجڕاکێش، یەکێك لە جوانی ئەو ستایلە کلاســـیکییە بریتییە لە خاوی و سادەیی لە ڕەنگ و تەســـریحەکان، چونکە سادەیی بۆ قژ یەکێکە لە سەرکەوتووترین مۆدەکان، بۆیە گەڕانەوە بۆ ستایلەکانی پێشوو دەبێتە یەکێك لە مۆدە ناســـکەکان، وەك مۆدەیەکی ڕازاوە شایستەی گشـــت خانمێکە بۆ ئەوەی کاری بۆ بکات.



# کراس و بۆدی مۆدەیەکی ڕازاوە بۆ خانمان



بـــە هاتنـــی وەرزی گـەرمـــا، دەکـــرێ جلوبەرگـــەکان هەر یەکە بەپێ شـــێوازێکی تازە و نوێ دابنرێن و دواتریش بپۆشرێن، ئەو جلانەش هەر یەکە شێوازێکی تایبەت لە خۆ دەگرێ، تەنانەت دەبێ ستایلەکانیان لەگەڵ جلوبەرگی دیکەدا ئامـــادە کرابێ، لەگەڵ هەر ســـتایلێکی لەمجۆرە، دەبێ ئاگاداری شـــێوازەکانی جلەکان بین، لەوەی چۆن هەر یەکە لەم جۆرە جلانە ســـتایل و شـــێوازێکی تایبەت لە خۆ بگرێ.

یەکێك لـــە سەرنجڕاکێشـــترین مۆدەکان بریتییە لە کراس و بۆدی، وەك جلێکی ڕازاوە و ناسك، دەکرێ لەگەڵ گشت جۆرە پانتۆڵ یان جینز بپۆشرێ بۆ ئەوەی ببێتە مۆدەیەکی ڕازاوە و جوان. ئەم جۆرە ســـتایلانەش دەبێتە یەکێك لـــە مـــۆدە ڕازاوەکان کـــە دەکرێت خانمان ســـوودی لێوە وەربگـــرن بۆ ئەوەی وەك مۆدەیەکی ســـەرنجڕاکێش بێ، لەگەڵ ئەوەشدا مۆدەیەکی کراوە و ناسك بێ.

# کراسە جـــوان و ناسکەکان








جلوبەرگـــەکان هـــەر یەکە بـــۆ کات و شێوازێکی دیاریکراو دەبێ، تەنانەت لەگەڵ هەر مۆدەیەکی جلوبەرگەکاندا دەکرێ سوود وەربگرین لـــە مۆدەی گشـــت لایەنەکان، بۆیە بیرکردنەوە لە کراسێکی سەرنجڕاکێش و ناســـك بۆ بۆنە و یادە تایبەتەکان ئامادە بکرێـــن، بەمەش دەبـــێ هەرخانمێك یەکێك لە کراسە ناســـکەکان هەڵبژێرێ بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لەگەڵ جەســـتە و شێوازەکانی دیکەی جوانی تەسریحە و مۆدەی ماکیاژ بگونجێ.

لێـــرەدا دەبـــێ خانمان ســـوود لە جوانی کراســـە تایبەتەکان وەربگرن، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کراسەکان جوانییەکی کراوە و ڕازاوە بۆ جەســـتە دابین بکەن، ئەم جۆرە کراسانە یەکێکـــە لە مۆدەکان بـــۆ بۆنەکانی وەك : نیشـــانکردن – ئاهەنگی لە دایك بوون، یان چەندین یادەکانی دیکەدا بپۆشرێن، شێوازی ئەو جۆرە کراســـانە گەورەیی و ناسکی بە جەستەی خانمان دەبەخشێت.

## مۆبایلیش دەخواتەوە








کەرستە تازەکان هەر یەکە بەپێی شێوازێکی تایبەت و جوان دروست دەکرێن، تەنانەت دەبن بە کەرەستەیەك کە جێگەی سەرنجڕاکێشان بێ، لەگەڵ ئەوەشدا وەك کەرەستەیەکی تایبەت و جوان دەبێ، بۆ ئەوەی لە ژیانی رۆژانەی خەڵکدا جێگەی ببێتەوە، بەمەش دەکرێ سوود لەم کەرەستانە وەربگرین بۆ ئەوەی ببێتە یەکێك لە شتە سەیرەکان.

ئەوەی دەیبینن بریتییە لە ئامێرێکی مۆبایل کە بە سەیرترین شت دەکرێ شەحن بکرێتەوە، ئەو مۆبایلە دەکرێ بە خواردنەوە گازییەکان کە دەخرێتە دواوەی ئامێرەکە، کە ئەویش بەهۆی چەند خانەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت وزە گازییەکان دەکاتە هێزێك و بۆ پاتری مۆبایلەکەی دەگوازێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ خواردنەوە گازییەکە بخۆردرێتەوە!

## چێشتخانە لە ژێر ئاو



## ماسکەکان دەبنە بەشێك لە جلوبەرگ



مۆدە جوانەکانی جلوبەرگ و نمایشە تایبەتەکان هەر جارەو بە دیزاینێکی نوێ دەردەکەون بۆ ئەوەی شێوازێکی تایبەت و جوان لە خۆیان بگرن، کەچی لە هەندێك لە نمایشەکان کەرەستەی تازە و مۆدەی دیکە بەدیاردەکەون، تەنانەت هەر مۆدەیەك لەسەر دیزانێکی تایبەت و جوان دروستکراوە، لێرەدا دەکرێ ئەو مۆدانە وەربگرین بۆ ئەوەی ببێتە کەرەستەی نمایشێك.

ئەوەی دەیبینن یەکێکە لە مۆدەکانی نمایشی تایبەتی جلوبەرگ لە شاری پاریس- فەرەنسا، کە ئەو خانمە ماسکێکی لە کریستال پۆشیوە، ئەمەش بە یەکێك لە نمایشە تایبەتەکان دادەنرێ و دەبێتە مۆدەیەکی تایبەت لە داهاتوودا.

## چوار خێزانی دووانە (جمکە)



ئەوانەی بەیەکەوە لە دایك دەبن، بە دووانە ناو دەبرێن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی زیاتر شێوەیان دەچێتەوە سەر یەکتر، لەگەڵ ئەوەشدا رووخسایان لە یەکتر دەچێ، بە جۆرێك ناتوانین بە ئاسانی لێکیان جیا بکەینەوە، کەچی ئەگەر سەیرێکی ئەو خێزانە بکەین، بێگومان شتێکی سەیر و جوان بەدی دەکەین، لە وڵاتی فلیپین، دوای ئەوەی دوو برای دووانە، هەڵدەستن بە خواستنی دوو خوشکی دووانە، هەر چواریان شێوەیان لە شێوەی یەکتر دەچێ، ئەوەی جوان بێ، لە یەك رۆژدا ئاهەنگی خێزانییان سازدا، دواتریش هەر یەکەیان منداڵێکیان دەبێ، هەر یەکە لە منداڵەکان هاوشێوەی یەکترن، وەکو دووانەیەك دەردەکەون.





کاتێك شوێنێکی تایبەت دروست دەکرێت، بۆ ئەوەی ببێتە جێیەك کە مرۆڤ تیایدا کارێك بکات، یان سوودێکی لێوە وەربگرێ، ئەوەی دەیبینن یەکێکە لە چێشتخانەکان، چێشتخانەی لەمجۆرە دەبێتە یەکێك لە سەیرترین چێشتخانەکان، ئەمەش دەکەوێتە کەنداوی (ئەلمادا فایل کە یەکێکە لە دوورگەکانی رانگالی)، توانراوە لەم دوورگەیە سەیرترین چێشتخانە دروست بکەن، سەیریی ئەو چێشتخانەیە لەوەدا دەردەکەوێ، کاتێك لەژێر ئاودا دروست کراوە، واتە دەتوانیت بە ئاسانی ماسی و نەهەنگ و گشت گیاندارە ئاوییەکان بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك یەکێك لە چێشتخانە گەشتوگوزارییەکان دادەنرێ و رۆژانە چەندین خەڵك سەردانی ئەو شوێنە دەکەن.



# پێڵاوە سەیرەکان



کاتێك کەرەستەکان دروست دەکرێن هەر یەکە بەپێی شێوازێکی تایبەت و جوان ئامادە دەکرێ، تەنانەت وەك رێگەیەك بۆ ئەوەی کەرەستەیەکی جوان و رازاوە بێ، ئەگەر سەیرێکی ئەو کەرەستانە بکەین، دەبێتە یەکێك لە سەیرترین کەرەستەکان کە بۆ مرۆڤ دروست کرابێ. ئەو دوو کەرەستەیە بریتییە لە پێڵاوەکان، پێڵاوی لەمجۆرە بۆ کاری سەیر و سەمەرە دادەنرێ، کەچی لەلای هەندێك کەس دەپۆشرێ بەبێ ئەوەی کەس توانجێکی لەسەر هەبێ، هەردوو پێڵاوەکە بریتیین لە : یەکێکیان لە شێوەی ماسی دروستکراوە، ئەوەی دیکەش ژێرەوەی تەنیا وەك بزمارێك وایە، دەبێ ئەو خانمە چۆن لەسەری بڕوات!

# گەورەترین ئەسپی جیهان

گیاندارەکان کاتێك گەشە دەکەن، کەس ناتوانێت رێگر بێ لە گەشەیان، تا بەو شێوەیە دەگەن کە لە جەستەدا گەشە دەکەن، هەر یەکە بەپێی شێوازێکی تایبەت و جوان دەبن بە خاوەن جەستەیەك، کەچی لە هەندێك حاڵەتدا لە شێوەی ئاسایی خۆیان لادەدەن و دەبن بە گیاندارێك کە شێوازێکی دیکەیان هەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا حاڵەتێکی تایبەت دروست دەکات و جێگەی سەرسوڕمانی گشت کەسێك دەبێ.

ئەوەی دەیبینن یەکێك لە گەورەترین گیانداری ئەسپە، بەرزی ئەو ئەسپە دەگاتە نزیکەی (٢) مەتر، هەروەها درێژییەکەی دەگاتە (٢) مەتر و نیو، وەك دەبینن چەندە لە مرۆڤ بەرزترە، ئەم ئەسپە لە وڵاتی مەکسیك دەرکەوتووە و تا ئێستاش لەگەڵ ئەو شێوە گەورەیەی هەیەتی هیچ گرفتێکی تەندروستی بۆ دروست نەبووە..



# دەبێ ئەوە پەتاتە بێ یان بەرد

کەرەستە گەورەکان کاتێك دەردەکەون بەبێ ئەوەی دەستی مرۆڤی تیایدا بێ، دەبێتە کەرەستەیەکی سەیر و جوان لە بەرچاوی گشت کەسێك، تەنانەت لە رێگەی کارە سەیرەکاندا دەردەکەون، بێگومان هەموو کەسێك پەتاتەی بینیوە و خواردویەتی، هەروەها دەزانین شێوەی پەتاتە چۆنە، یان چەند گەورە دەبێ.

کەچی ئەگەر سەیرێکی ئەو پەتاتەیە بکەین، دەبێ باوەڕ بکەین کە پەتاتەیەکی راستەقینە بێ، چونکە لە پەتاتە ناچێ، تەنانەت ئەوەندە گەورەیە، وەك بەردێکی گەورە وایە. لە وڵاتی کەنەدا ئەو پەتاتە گەورەیە دۆزراوەتەوە و کێشی دەگاتە نزیکەی (٥٦) کیلۆ گرام، دۆزینەوە و دەرهێنانی لەژێر زەوی بە کارێکی ئاسان نەبووە، بۆیە تا ئێستا دەستی لێنەدراوە و بووە بە گەورەترین پەتاتە لە جیهان.



# ئەو پیاوە باوکی (٢١) کوڕە

ئەوانەی لە تەمەنێکی بچووك دەگەن بە حاڵەتێکی گەورە، کەسانێکن ژمارەیان دیاریکراوە، وەکو ئەوەی پیاوێك لە تەمەنێکی بچووکدا ببێتە



باوکی زۆرترین منداڵ، کەچی وادیارە ئەو پیاوە دەیەوێ ئەو نازناوەی پێببەخشرێت، ئەمەش دوای ئەوەی لە تەمەنی (٢٩) ساڵیدا توانیویەتی ببێتە خاوەن زۆرترین منداڵ. ئەو پیاوە ناوی (دیسمۆند هاتشێت)ە و تا ئێستا بۆتە باوکی (٢١) منداڵ، ئەوەی سەیر بێ گشت منداڵەکانی لە رەگەزی کوڕن، ئەو (٢١) منداڵەی لە (١١) ئافرەتی جیاوازدا بووە، لە سەرەتاوە تا ئێستا منداڵەکانی ئەو پیاوە کوڕ دەردەچن، تا ئێستاش باوکی گشت منداڵەکانە و ئاگاداری گشت لایەنەکانی ژیانیشیان دەبێ.



## سەیرترین قۆپیە کردن

ئەوانەی لە کاتی تاقیکردنەوەکان ناتوانن بخوێنن، یان رێگەیەکی دیکە دەگرنە بەر بۆ ئەوەی لە کاتی تاقیکردنەوە کارێکی وا بکەن بۆ ئەوەی دەربچن، تەنیا رێگەش (قۆپیە)کردنە، ئێمەش هانی هیچ کەسێك نادەین پەنا بۆ ئەو لایەنە ببات، بەڵام ئەوەی بیەوێ کاری هەڵەی خۆی هەر دەکات.

چەندین شێوازی قۆپیەکردن هەیە، زیاتر لەلای کوڕان روودەدات، کەچی ئەو خانمانەش وادیارە قۆپیەی خۆیان کردووە، لەسەر رانیان دایانناوە بۆ ئەوەی کەس پێینەزانێت.

# (٧٠) رۆژ بێ خواردن و خواردنەوە

هەندێك لە مرۆڤەکان بەهۆی چەند نەخۆشییەکی سەیرەوە تووشی چەند حاڵەتێك دەبن کە جێگەی سەرسوڕمانی گشت کەسێکە، بۆیە لە رێگەی حاڵەتەکانیان دەتوانن نازناوێکی گەورە تۆمار بکەن، ئەمەش وەك رێگەیەك بۆ ئەوەی لە نزیکەوە کارەکان بە جوانی ئامادە بکرێن، دەتوانین لێرەدا دیقەتی حاڵەتی ئەو پیاوە هیندستانییە بدەین کە بە یەکێك لە سەیرترین حاڵەتەکانی جیهان هەژمار دەکرێ.

ئەو پیاوە ناوی (براهلاد جانی)یە و تا ئێستا نزیکەی (٧٠) رۆژە بەبێ ئاو و نان دەژی، ئەمەش وەك نەخۆشییەکی دەروونی سەریهەڵداوە، کە ناتوانێ خواردن یان خواردنەوە بخوات و بخواتەوە. تا ئێستاش لە ژێر چاودێری پزشك دایە، بۆ ئەوەی حاڵەتەکەی بزانن چۆنە، بەمەش دەبێتە یەکێك لە ژمارە پێوانەییەکان کە لەم ماوەدا مرۆڤێك بەبێ خواردن و خواردنەوە بژی.



# خانووی بە قاچ

کاتێك خانووەکان دروست دەکرێن، هەر یەکە بەپێ نەخشێکی تایبەت و جوان ئامادە دەکرێن، دواتر کاری جێبەجێکردنی بۆ دەکرێ، لێرەشدا دەکرێ کارەکان بەپێی بیرۆکەکان بن، کەچی خانووی لەمجۆرە بە شێوەیەك دروستکراوە، کە جێگەی سەرسوڕمانی گشت کەسێك دەبێ، بۆیە لەم لایەنە دەبێ بیرۆکەی ئەو کەسانە بزانین کە ئەو خانووەیان دروستکردووە. خانووەکە لە وڵاتی ئەڵمانیا دروستکراوە، لەلایەن کەسێك بەناوی (میکۆیوف) کە بە حەز و ویستی خۆی کارەکەی کردووە، ئەوەی سەیر بێ خانووەکە لەسەر (٤) داری گەورەی دانراوە، رۆژانە ژیانی لەم شوێنەدا بەسەر دەبات.



بەرپرسی فایلی رەنگاورەنگ: مەهدی حاجی ساڵح
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504679560 Emial: reng@gulan-media.com

## نوکـتە

- کوڕێــك دەچێتــە لای کچێك و پێیدەڵێت، دەمەوێ بتخوازم رازی دەبی؟
کچەکە دەڵێت: بە کوڕێك رازی دەبم کە ئەو داخوازییانەم بۆ جێبەجێ بکات:-
١- ٢٠٠ مسقاڵ زێڕ
٢- خانووی سەربەخۆی هەبێ
٣- بۆ مانگــی هەنگوینی بمباتە ئەورووپا...
کوڕەکەش دەڵێــت: ئەگەر کوڕێکی ئەوها هەبوو، منیش مێردی پێدەکەم!



# منداڵێک لەدایکەکەی گەورەترە

ئەگەر سەیرێکی ئەو وێنەیە بکەن، بێگومان سەرســوڕمانییەکی تەواو دەتانگرێ، چونکە منداڵێك و دایکێك لە وێنەکەدا دەبینرێن، هەریەکە لەو منداڵ و دایکە، راستەقینەن، ئەوەی سەیر بێ، منداڵەکە لــە دایکەکە گەورەترە، لەگەڵ ئەوەشدا منداڵەکە تەمەنی (٢) ساڵان دەبێ و دایکەکەش (٢٥) ساڵە.

لەلاتان سەیر نەبێ، چونکە شێوەی جەستەی دایکەکــە زۆر بچووکترە لــە منداڵێکی (٢) ســاڵان، تەنانەت باوکی منداڵەکە وەك مرۆڤی ئاسایی وایە و بەبێ ئەوەی گرفتێکی هەبێ. ئــەو ئافرەتە ناوی ئاماندا مۆڕە و لە وڵاتی بەریتانیــا دەژی، لــە داهاتوویەکــی نزیکدا چاوەڕوانی منداڵی دووەمیان دەبن دوای ئەوەی زانیان منداڵی یەکەمیان بەبێ گرفتە.



# کەلـوەکان

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩
بەشـێوەیەکی گشــتی هەفتەیەکــی خــۆش دەبێت، ســەردانی چەند شــوێنێکی خۆش دەکەیــت و ســوودێکی زۆر وەردەگری و ئەزموونت زیاتر دەبێت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠
نزیك بوویتەوە لەکۆتایهێنان بە کارێکی گرنگ کە لەداهاتوودا دەبێتە هۆیەکی ســەرەکی بۆ ئەوەی پلەت بەرزتر بێتەوە، ئاگاداری باری تەندروستیت ببەو هەنگاوی پێویست بگرە بەر.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠
کەســێکی خۆشەویســتت یارمەتیــت دەدات بــۆ رزگاربــوون لــەو بارودۆخەی کە ئێســتا تێیدای و یارمەتیدەرێکی سەرەکیت دەبێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢
لەوانەیــە بەهــۆی ئــەو گۆڕانکارییانــەی روویانداوە لەژیانتــدا خۆشەویســتەکەت لەیاد بکەی، بەڵام ئەو ناتوانێت لەیادت بکات، بەردەوام ببە لەسەر ئەو رێگایەی کە خۆت هەڵتبژاردووە و سەرکەوتوو دەبیت.

### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢
ئەگەر خۆشەویستت هەیە، ئەوا جۆرێك لە بێمتمانەیی لەنێوانتــان دروســت دەبێت، بۆ نەهێشتن و ئاسایی بوونەوە ماوەیەکی پێدەچێت، بۆیە بڕیاری خێرا مەدە ئەمە لەبەرژەوەندی تۆدا نییە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢
هەســتێکی نوێت لا دروست دەبێــت بەرامبــەر یەکێــك لەهاوڕێکانت و ئارەزوو دەکەیت داوای پێوەندی خۆشەویســتی لێ بکەی، ئــەو کارە بکە ئەگەر بەڕاســتی خۆشت دەوێت.

### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢
زۆر گرنگــە بزانی چۆن سەرنجی کەسی بەرامبەرت رادەکێشــی، بۆیە هەوڵ بدە کارێك نەکەی ببێتە هۆی بێزاربوونی و هەوڵ بدە کارێك ئەنجام بدەی کە دڵی خۆش بێت و سەرنجی رابکێشێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١
هەست بە بێ هیوایی دەکەی بەهۆی شکســتهێنان و خەم هەڵدەگری، راســتە شکســتەکە قورس بــوو، بــەڵام لەئایندەیەکی نزیکــدا تاقیکردنەوەی دیکــە لە رێگەدایە دەتوانی قەرەبووی بکەیتەوە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١
یەکێك لــە تایبەتمەندیەکانی کەســانی خاوەنی ئەم بورجە بایەخ نەدانە بە هەندێ قسە کــە لای خۆیان زۆر گرنگ نییە و خەڵك بە جۆرێکــی دیکەوە لێی دەڕوانن، ئەو کاتانە داوای لێبوردن پێویستە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩
ئەم ماوەیە زیاد لە پێویســت سەرقاڵ دەبیت و کاتت کەم دەبێت بۆ دانیشتن و قسەکردن لەگەڵ دەوروبەر، بەهۆی پێوەندییەکی تەلەفۆنــی هەواڵێکی نوێ و خۆشت پێدەگات.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨
چەند قسەیەك دەکرێن لەدژی تۆ کە هیچیان راست نین، ئەمەش دواتر ئاشکرا دەبێت و کەسێکی نزیکت ئەو قسانە دەکات، هیچ دڵگران مەبە زیانی بۆت نابێت و ئەو کەسەش پەشیمان دەبێتەوە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠
کەســی بەرانبەر چاوەڕوانی زۆر شــتت لێدەکات و تۆش بێدەنگیــت هەڵبــژاردووە، دەرگەی بێدەنگی بشــکێنە و خۆشــترین کاتی تەمەنت بەسەر ببە و داواکارییەکانی جێبەجێ بکە، ئەگەر لەتواناتدا هەیە.

ئا/ هێمن قــەسرەیی
hemntoni@yahoo.com